# تەنها چووکی -ئەندامی زاوزێی- دەشۆرێت، ودەستنوێژ دەگرێت

له عەلی کوڕی ئەبی تاڵیبەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پیاوێك بووم مەزیم زۆر لێدەردەچوو، وشەرمم کرد پرسیار لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بکەم بەهۆی ئەوەی کە کچەکەی هاوسەرم بوو، بۆیە داوام لە میقدادی کوڕی ئەسوەد کرد کە پرسیاری لێبکات، ئەویش -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «تەنها چووکی -ئەندامی زاوزێی- دەشۆرێت، ودەستنوێژ دەگرێت». وله گێرانەوەی [بخاري]دا، فەرمووی: «دەستنوێژ بگرە وچووکت بشۆ».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

عەلی کوڕی ئەبی تاڵیب -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە مەزی زۆری لێدەردەچوو، ئەمیش ئاوێکی سپی تەنك ولینجە لە چوکی پیاو دەردەچێت لەکاتی شەهوەت یان پێش جووتبوون، ونەیدەزانی چی بکات لەکاتی دەرچوونی، وشەرمی کرد پرسیار لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بکات ؛ چونکە فاتیمەی کچی هاوسەری بوو بۆیە داوای لە میقدادی کوڕی ئەسوەد کرد بۆئەوەی پرسیار لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بکات سەبارەت بەم حاڵەتە، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وەڵامی دایەوە بەوەی: دەبێت چوکی بشوات پاشان دەستنوێژ بگرێت.



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee